# گەشتێک بە ناو فەنابوونا

•کەژاڵ ئیسماعیل

پێشکەشە بە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردستان
هەڵەبجە و ئەنفال

### ئەو منداڵەی خەوێکی بۆ گێڕامەوە

دایە ئەمشەو لە خەومدا
ببوومە باڵندەیەک
نیشتمانم لە سەر باڵ دانابوو
..بڵند ..بڵند
بەرەو ئاسۆ ئەفڕیم
تا گەیشتمە ئەو دیو سنووری ئاوابوون
من و نیشتمانم لە ناو هەسارەکاندا
بۆ ئەو یادەوەرییانە چاومان ئەگێڕا
کە لە ژێر خۆری تاواندا
!بوونە هەڵم و لێمان ون بوون
لەو ئاسمانە
بە سەر مێرگێکدا تێپەڕبووین
گوڵەهێرۆ کەرنەڤاڵیان تیا سازدابوو
!ئێوە کێن؟ ..پرسیمان
ئێمە دەیان ساڵ لەمەوبەر :وتیان
لە بن دەوەنێکدا داستانمان ئەنووسی
بۆ مێژووی نیشتمان
ـ هەموو ڕۆژێ لە سێدارە ئەدرا ـ
هەیاسەبووین بە کەمەری کیژێکەوە
ڕۆژی بووکێنی چوار پەلی بوڕاقەکەیان بڕی
نیشتمانم توند لە ئامێزی گرتن و
تۆوی گوڵەهێرۆی لە هەگبەیدا ئەناشت
تا لەو سەرەوە
!باخێک لە گوڵەهێرۆ بێنینەوە

!..دایە
من و نیشتمانم ماندوو نەبووین
لە ئاسمانێکی پڕ لە بۆنی تاواندا

بووکە شووشەیەکمان بینی
قاچێکی بە دەستەوە گرتبوو
دوو عەشق یارییان پێدەکرد
هەڵماتی پەلکەزێڕینە
بە سوڕەتی ئەنفالدا هەڵپڕابوو
ئەسپێک لە گەرمیانەوە باڵی گرتبوو
ئاوێنەیەک، دەنکەمووروی کۆئەکردەوە
ژنێک بەدەم ژانەوە کوڕێکی بوو
..ی ئەوتەوە «ئەی ڕەقیب»سروودی
پیرەمێردێک بە گۆچانەکەی
سەکەراتی مەوتی ئەبژارد
منداڵێک لە گۆی مەمکی هەڵووژەیەک
زامی ئەنۆشی و، کیژێک
کەزییەکانی بە تاوی خۆر شانە ئەکرد
..تا بۆنی مەرگی لێ هەڵوەرێت
لاوێک بە چاوی بەستراوەوە
باوەشی بۆ شەهیدبوون ئەگرتەوە
من و نیشتمانم
لە هەر دیمەنێک وێنەیەکمان هەڵئەگرتەوە
تا لە گەلەری یادێکدا
.نمایشی بکەین لەو سەرەوە

من و نیشتمانم !..دایە
بۆ هەسارەیەک دەگەڕاین خۆری تێدا خەوتبێ
تا بە دیاری بیهێنینەوە
بۆ ئاسمانێک سەرما وەرزی تیا ئەدات
لە ئاسۆیەک نەخشێنراو بە گوڵەنێرگز
پێنج هەزار کوتری سپیمان هاتەڕێ
بۆنی لیمۆ و پرتەقاڵیان لێ ئەهات
بۆ بەهەشتێک ئەگەڕانەوە
،«نالی»بە شێعرەکانی
کانیان ئەلاواندەوە «حەبیبە»
«کانی عاشقان»لە سەر چنارەکانی
..یان ئەوتەوە «بەهارە»گۆرانیی

!..دایە
لە ئاسمانێک پڕ لە گوڵە سونبول

نیگای دارستانێکمان کرد
کۆڵوانە و چارۆکەی پیا هەڵواسرابوو
لە دوورەوە
لای لایەیان بۆ نیشتمانێکی گەنمڕەنگ ئەخوێندەوە و
باوەشیان بۆ فانۆسی شەو ئەگرتەوە
تا لە ژوور سەری کێلی گەرمیانەوە هەڵیواسن
نیشتمانم
ڕستێک وشە و دەفێکی کردە ملی
تا لەو سەرەوە
بە قیبلەی مەملەکەتێکدا هەڵیواسێ و
ڕێبوارەکان ڕۆژانە زیکری بۆ بکەن

ئەمشەو ..دایە!
من و نیشتمانم لە ئاسمانی غوربەتەوە
سەردانی هەموو فەنابوونەکانمان کرد و
دەمەو بەیان بۆ باوشی تۆ گەڕاینەوە!!

• • •